www.kurdistannet.org
29-1-2003 1:45

# ئیستبدای بەعس و دیموکراسی ناسیۆنالیزمی کورد!

محسن کریم

مەسەلەی ئیستبدادو سەرکوتگەری‌و درندەیی رژیمی بەعس نەك بۆ خەلکی عیراق، کە خۆیان زیاتر لە سێ دەیەیە تەجروبەی دەکەن، بەلکو بۆ بەشیکی بەربلاوی خەلکی دنیاش روون‌و ئاشکراو قابیلی هیچ جۆرە گومانیك نی‌یە.

بەلام ئەوەی جیگای نیگەرانی‌یە ئەوەیە کە ئەم ئیستبدادە بێ هەوسارەی بەعس بواری بە کولە دیکتاتۆرو سەرکوتگەری وا داوە خۆیان بە ئازادیخوازو دیموکراسی‌و لایەنگری مافی مرۆڤ هەلخەن، کە هیچیان لە رژیمی بەعس کەمتر نی‌یە لە دژایەتی‌یان بۆ ماف‌و ئازادی‌یەکانی خەلك، لە دژایەتیکردنی ئازادی سیاسی‌و پیشیلکردنی، لە سەرکوت کردن‌و بێئیرادەکردنی جەماوەرو دوور راگرتنیان لە دەخالەتکردن لە کاروباری سیاسی‌و کۆمەلایەتیاندا. فرسەت بۆ ئەوە رەخساوە کولە دیکتاتۆری وەکو ئەحمەد چەلەبی‌و سەرکردە دەست بەخوینەکانی پیشووی سوپای عیراق‌و حیزبی بەعس‌و باندە تیرۆریستە ئیسلامیەکانی دەستچینی جمهوری کۆنەپەرست‌و دژی بەشەری ئیسلامی ئیران‌و سەرکردەکانی جەنگی ناوخۆی کوردستانی عیراق بتوانن خۆیان بکەنە بانگبیژو قسەکەری دژایەتیکردنی دیکتاتۆریەت‌و پاریزگاری لە ئازادی‌و "دیموکراسی" و مافی مرۆڤ...تاد. ، دەسەلاتی‌ئەحزابی میلیشیایی کوردستانیش بکریتە نمونەی بێوینەترین دیموکراسی لە رۆژهەلاتی ناوەراستداو بریاریش بیت کە ئەم نمونە ناوازەیە بۆ عیراقی دوای صدام حسین بگویزریتەوە!

بەپێی پروپاگەندەی سیاسی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوازی و بریارەکانی کۆنگرەی لەندەن بریارە دوای زیاتر لە ٣٠ سال بێمافی‌و ئیستبدادی بێوینەی بەعس‌و کوشتاری بەکۆمەل، خەلکی عیراق جاریکی دیکە بکەونە بن دەستی ئەم جەماعەتانە! جاریکی دیکە ئەو نمونەیە لە دیموکراسی بکەنە جێنشینی دیکتاتۆریەتی صدام کە جیگای هەلسورانی ئازادانەی کۆمۆنیزم‌و چەپ، نارەزایەتی نواندنی خەلکی هەژارو بێبەش، کریکاران‌و تویژە مەحرومەکانی کۆمەلگا بەرامبەر بە بێمافی‌و نەبونی‌و نایەکسانی پیشیلکردنی ماف‌و خواستەکانیانی تیدا نابیتەوە. جیگای خۆپیشاندان‌و مانگرتنی خەلکی‌تیدا نابیتەوە. لولەی چەك‌و کیبلی دەستی "پۆلیسی پاریزەری دیموکراسی" و زیندانی " ئاسایشی نەتەوەیی" روبەرویان دەبیتەوە! لە عیراقی دوای صدام حسینی ژیر دەسەلاتە دیموکراسیەکەی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی لە مۆدیلی دیموکراسی ناسیۆنالیزمی کورددا، کۆمۆنیستەکان بەهۆی ئەوەی دژی ئاسایشی نەتەوەین، خەلکی هەژارو کریکاران، ئەوانەی نارەزایەتی دەرئەبرین دژ بە ژیانی مەینەتباریان لە سایەی دەسەلاتی ئەواندا، قوتابیانی زانکۆو رۆشنبیران، ئەو ژنانەی دژی نایەکسانی خەبات دەکەن، لاوانیك کە ژیانی مۆدیرن‌و شایستەی هاوچەرخیان دەوێ، و ... هەموو ئەو کەسانەی کە رەخنەیان لە "دەسەلاتی دیموکراسی" هەیە، ئاژاوە گیرن، دەبێ زیندانی بکرین. ئەوانەشی هانی خەلك دەدەن بۆ نارەزایەتی دەربرین و ئەو بیگانەیەی کە بە مەبەستی پشتیوانی لە خەباتی فلانە تویژی کۆمەلایەتی غەیری تویژەکەی خۆی، بەشداری نارەزایەتی‌و خۆپیشاندان‌و مانگرتنەکان ئەکات، بە" سەری مار"ەکە ناوزەد ئەکرین‌و دەبیت رەوانەی زیندان بکرین‌و سزا بدرین. گوێ لە قسەکانی عەقید دارای ئەفسەری پۆلیسی حکومەتی یەکیتی‌نیشتمانی بگرن دەربارەی خۆپیشاندانی رۆژی ١٨-١_٢٠٠٣ ی دەستفرۆشانی سلیمانی کە لە هەفتەنامەی هاوولاتی رۆژی ٢٠-١-٢٠٠٣ دا بلاوکراوەتەوە، لەگەل شیوازی پروپاگەندەی دەزگاکانی سەرکوت‌و داپلۆسینی رژیم بەراوردی بکەن، ئەگەر تەنانەت لە ووشەکانیشدا جیاوازی هەبوو ئەوا من داوای لیبوردن ئەکەم!

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسیتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org